# موقاتەعەی خەلكی شەبەحی فەشەلە
# نەك كارە تیرۆریستییەكان!

## لەپەراویزی بانگەوازەكەی "بۆش"دا بۆ بەشداریكردنی خەلك لە"هەلبژاردن"دا!

**محمد غفور**

28-01-2005

مەترسی بایكۆتكردنی "هەڵبژاردن" لەلایەن خەڵكی عێراقەوە زۆر جددییە. نەك لەگۆشەی ئامانجەكانی سێكوچكەی ئیسلامی بنلادنی وسوننی وپاشماوەكانی بەعسەوە! كە"هەڵبژاردن"یان كردۆتە بەهانەی كارە تیرۆریستییەكانیان وكوێرانە هەموو گۆشەیەكی ژیانی كۆمەڵگای عێراقیان كردۆتە نیشانە. بەڵكو لەگۆشەی ئایندەی كۆمەڵگاكەیان وبەرژەوەندییەكانی خۆیانەوە بایكۆتی دەكەن. چونكە بروایان بەوە هێناوە كەئەم سیناریۆیە ناتوانێ گۆرانێك پێكبێنێت بەقازانجی خەڵك. خەڵك دەزانن هەر ئەو هێزە سیاسیانەی كۆمەڵگایان بەم رۆژە گەیاندووە، لەسەرووی هەموویانەوە ئەمریكاوبەریتانیا، بێتوانایی خۆیان نیشانداوە لەسازدانەوەی حكومەت ودەسەلاتی یاسا وگێرانەوەی ئاسایش، بۆیە پەنایان بۆ سازكردنی ئەم گاڵتەجارە بردووە. ئەو هێزانە هیچكامیان شەرعییەتیان نییە ونوێنەری خەڵكی عێراق نین. وكارنامەی زیاتر لە 13 ساڵیان لە ئابلۆقەی ئابوری و ناوچەكانی دژەفرین و بۆمبارانی زنجیرەیی و سەرئەنجامیش وەرێخستنی جەنگێكی دژی ئینسانی و كردنی عێراق بەمەیدان و ژینگەی تیرۆرو بە یەكدادانی تیروریستی و پشتوانی لە قەومەگەرایی و ئیسلامی سیاسی و تایفەچێتی لە عێراقدا دژایەتی ئەمانی بۆ خەلكی عیراق و دنیای متەمەدین بە ڕوشنترین شێوە نیشانداوە.

ئێستاش كەبۆش لەشەبەحی موقاتەعەكردنی هەڵبژاردندا فەشەلێكی دیكەی دەوڵەتەكەی وسیاسەتەكانی دەبینێ، بۆیە پەرەسەندنی كارەتیرۆریستیەكان ئەكاتەوە بەگژی خەڵكدا. ئەمەش لەكاتێكدایە كەقوتبی بەرامبەریش كوێرانە دەست لەهیچ شتێك ولەهیچ كوشتارێك ناپارێزن. خەڵك خۆیان نەدۆزیوەتەوە، نایانەوێ بچنە ناو ئەم ئاگرەوە. بەشداری هەڵبژاردن بۆ خەڵك بەمانای چوونیانە بەپێی خۆیان بۆ ناو ئاگری ئەم شەرە. لەكاتێكدا دەوڵەتی ئەمریكا وسیاسەتەكانی لەعێراقدا تووشی شكست وناكامی جددی هاتوون، بانگەوازی خەڵكی عێراق دەكات تەحەددای تیرۆریستان بكەن بەبەشداریكردن لەهەڵبژاردندا. هەڵبژاردنێك كەدەسەلاتی هەر ئەم هێزانە بەسەریانەوە شەرعییەت پێدەدات. خەڵك دوو ساڵە نوقمی كارەسات وتیرۆریزم وكوشتاری ئەم دوو جەمسەرە ئینسانكوژەن، بەچ روویەكیەوە جۆرج بۆش بانگەوازی لەم جۆرە دەكات؟! بەڵام ئەوە بەڵگەیەكی باشە بۆ ڕای گشتی جیهان كەخەڵكی عێراق هیچ مەیلێكیان بۆ بەشداری لەم گاڵتەجارەدا نییە، بۆیە بۆش ناچاربووە تەشەبوسیان پێبكات. خەڵك بەموقاتەعەی ئەم گاڵتەجاریە، "نا"دەڵی بەم دوو قوتبە تیرۆریستە. بەم كارەشیان هەنگاوێكی گەورە لەراستای پاككردنەوەی كۆمەڵگاكەیاندا بۆ پێشەوە هەڵدەگرن. وە هەر ئەمەش شەبەحی فەشەلێكی تری ئەمریكایە. نەك كارە تیرۆریستییەكان.